



هەولێر وەک سلێمانی پەرۆشی هەڵمەتی هەڵبژاردن نییە — فۆتۆ: سیروان غەریب

# گەنجانی هەولێر تاقەتی شەڕە پەڕۆیان نییە

## "سروشتی هەولێر وایە بانگەشەی هەڵبژاردنیش گەرمی ناکا"

ئا: عیسا خدر، هەولێر

گەنجانی شاری هەولێر لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بوون بەدوو بەشەوە، هەندێکیان گلەیی دەکەن کە گەنجەکان وەکو شاری سلێمانی نارژێنە سەر شەقامەکانو بەگەرموگوڕیی بانگەشە ناکەن، بەڵام بەشێکی دیکەشیان ئەو هۆکارە دەگەڕێننەوە بۆئەوەی کە "نایانەوێت شەڕە پەڕۆی حیزبەکان بکەنو هەندێکیشان دەڵێن "سروشتی هەولێر وایە".

### "هەقە گەنجانی هەولێریش وەک سلێمانی بکەن"

کاوە محەمەدی تەمەن بیست ساڵ دانیشتووی گەڕەکی نەورۆزی هەولێر شەوو ڕۆژ خەریکی بانگەشەکردنە بۆ ئەو لیستەی دەنگی بۆ دەدات، بەڵام پێی ناخۆشە گەنجانی شارەکەی وەکو گەنجانی شاری سلێمانی نارژێنە سەر شەقامەکانو وتی "داوا دەکەم گەنجەکانی هەولێریش وەکو گەنجەکانی سلێمانی بێنە سەر شەقامو بەشداری لەبانگەشەو گۆڕینی ئەو بێدەنگیەی هەولێر بکەن، بەڵام بەداخەوە بانگەشە لە هەولێر بەکەمی دەبینرێتو ناتوانیت بە شێوەیەکی ئازاد بیروڕای خۆت دەربڕیت، لەبەرئەوەی خەڵک لە نانبڕینو دەسەڵات دەترسن".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا "دەسەڵاتی کوردی تاکو ئێستا پرۆسەکانی هەڵبژاردنی بەئاقارێکی توندوتیژدا تێپەراندووە، بۆیە گەنجی هەولێر ناتوانن بپرژێنە سەر شەقامەکان".

### "سروشتی هەولێر وایە"

سیروان سەدرەدین گەنجێکی تەمەن بیست ساڵەو لایەنگرێکی سەرسەختی یەکێک لەلیستەکانو خۆی ئامادەکردبوو بۆ ڕۆیشتن بۆ بانگەشەی لیستەکەی، ئەو گەنجە بەپێکەنینەوە جەختی لەوەکردەوە کە "کەس ناتوانێت شان لە شانی لیستەکەی بدات، چونکە سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە".

سیروان پێیوایە ساردیی بانگەشەکردن لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شارەکەیانو وتی "سروشتی هەولێر وایە، ئەگەرنا کەس ڕێگر نییە لە بەردەم بانگەشەکردنی هەڵبژاردن، پێمانخۆشە لیستە مونافیسەکانی تریش وەکو ئێمە گەرموگوڕی بخەنە شاری هەولێر".

> **دەبێت گەنج خاوەن بڕیاری خۆی بێت، بەڵام مخابن گەنجی هەولێر بێدەنگن**

### "حزبەکان دەیانەوێت شەڕە پەڕۆمان پێبکەن"

زریان تۆفیقی تەمەن بیستو چوار ساڵ، کە لەناو بازاڕی قەیسەری هەولێر مێزێکی داناوەو جلوبەرگی منداڵانو ئافرەتان دەفرۆشێتو دوو ساڵە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێری تەواوکردووەو تائێستا دانەمەزراوە.

زریان بەسەرسوڕمانەوە وتی "بۆچی بۆ ئەم حیزبانە بانگەشە بکەین؟! لە کاتێکدا گەندەڵی سەری خەڵکی کوردستانی خواردووە، بچین بۆیان هەڵپەڕینو دەنگیان پێبدەین! من دڵم بۆ ئەو گەنجانە ژان دەکات کاتێک خۆیان لەنێو پەڕۆی حیزبەکان دەئاڵێنو دەڕژێنە سەر شەقامو بازاڕەکان".

ئەو گەنجە بەنیاز نییە لەم ماوە کەمەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بانگەشە بۆ هیچ لیستو قەوارەیەک بکاتو وتی "قەد ئامادە نیم بانگەشەیان بۆ بکەم".

### "مخابن گەنجی هەولێر بێدەنگن"

گەنجێکی تەمەن بیستو چوار ساڵی وەک سامان شاکر کە باڵایەکی بەرزو ریشێکی تەنکی هێشتۆتەوەو لەشەقامی شەست مەتری لەگەڵ کەژاوەی ئۆتومبیلی لیستەکەیدا سەرقاڵی بانگەشەکردن بوون، ئەو لەپشتی پیکابێک لۆگۆی لیستەکەی بەرزکردبۆوەو دروشمی لیستەکەی دەوت.

سامان وەک زۆربەی گەنجەکانی دیکە نیگەران لەو بێدەنگییەی گەنجانی شارەکەی ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت گەنج لە پرۆسەیەکی وا چارەنوسساز دەستپێشخەر بن بۆ گۆڕینی وڵات "دەبێت گەنج خاوەن بڕیاری خۆی بێتو بڕژێنە سەر شەقام، وەکو گەنجەکانی تری شارەکان بە ئاشکرا دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوەو داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بەڵام مخابن گەنجی هەولێر بێدەنگن".

### "زەمانی بانگەشە بۆ ئەو حزبانە بەسەرچوو"

ژاڵە قادر کچێکی تەمەن بیستو سێ ساڵە خوێندکاری زانکۆیە، ئەم کچە باڵا مامناوەندە سەردەمی بانگەشەکردن بۆ حیزبەکان کوردستان بە "بەسەرچوو" دەزانێتو پێی یاش نییە گەنجان بۆ حزبەکان شەڕە پەڕۆ بکەن، چونکە بەبۆچوونی ژاڵە "من حیزبەکان وایانکردووە گەنج ئینتیمای بۆ هیچ شتێک نەبێت".

ئەو کچە خوێندکارە باسی لەوەکرد کە سەرەڕای ئەوەی بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردن ناکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەنگ دەدات.

---

# گەنجانی سلێمانی وەک سەیران لەبانگەشەی هەڵبژاردن دەڕوانن



گەنجی سلێمانی شەو ڕۆژ خەریکی بانگەشەی هەڵبژاردنن — فۆتۆ: راسا

ئا: پشتیوان جەمال

کاتژمێر دوای نۆی شەو لەنزیک مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گەنجێک دوای خواردنەوەی قوتویەک بیرە، خۆی تووڕە کردو لەئۆتومبیلی بی ئێم دەبلیوەکەیەوە هاتەخوارو دەستی کرد بەجنێودانی لیستێکی دیاریکراو، لەولاشەوە لەدیوارێکی بەرزتر لەخۆیەوەو بۆ هەراسانکردنی بەردی بچووکیان تێدەگرت.

ئەو گەنجە کە ناوی (سۆران) و تەمەنی بیستو دوو ساڵ بوو، بەگرۆتینێکی زۆرەوە بانگەشەی بۆ لیستەکەی خۆی دەکردو دەیوت "لەو کاتەوەی هەڵمەتەکە دەستی پێکردووە زۆربەی شەوان دوای خواردنەوە دێمە سەر شەقامەکەو لەگەڵ هاوڕێکانم هاتو هاوار دەکەین، ماوەیەکی زۆر خۆشە".

ئەوەی لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمساڵدا بەدیدەکرێت گەنجان بەشێکی سەرەکی پێکدەهێنن لەپڕوپاگەندەکاندا بۆ لیستەکان بەتایبەتیش (گۆڕانو یەکێتی) بەجۆرێک هەر کە شەو دادێت زۆربەی گەنجانی شاری سلێمانی بەسواری ئۆتومبیلو پاسکیلو ماتۆڕو بەپێ هەروەها بەبەرزکردنەوەی ئاڵای لیستەکانیان دێنە سەر شەقامەکانو دەیکەن بەرۆژی خۆیانو دەست دەکەن بەهاتو هاوار، کە بەشێکی لەو گەنجانە بەهۆی خواردنەوەی زۆری (مەی) سەرخۆشن.

یونس سلێمان وەکو خوێندکارێکی زانکۆ کە تەمەنی بیستو دوو ساڵە پێیباشە گەنج بەو شێوەیە حەماسی هەیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، چونکە وا دەردەکەوێت کە باوەڕیان بەگۆڕانکاری هەیە لەکوردستاندا، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا نییە کە گەنج بەسەرخۆشیو دور لەشارستانییەت بڕۆنە سەر شەقامەکانو بەو شێوەیە بانگەشە بکەن.

هەروەها ڕێوار عەلی کە گەنجێکی تەمەن بیستو شەش ساڵەو پێیوایە شێوەی بانگەشەی ئەو گەنجانە لەهەڵبژاردندا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە کەمترین هەڵبژاردن لەهەرێمدا ئەنجامدراوە بۆیە گەنجانیش ئەزموونو ڕۆشنبیرییەکی گشتی باشیان نییە لەو ڕووەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە بێگومان بەشێکی دیکەش لەگەنجان دوای سەرخۆش بوونیان دێنە سەرشەقامەکانو هاتو هاوار دەکەنو ڕەنگە وەک سەیرانێک لێی بڕوانن.

بەهزاد وتی "دەکرێت ئەو گەنجانە لەبری ئەو حاڵەتانە، بەئاهەنگ گێڕانو گەرانی لەسەرخۆ تەعبیر لەخۆشییەکانیان بکەن".

بەبڕوای هەندێکی دیکەش لەگەنجان، ئەو شێوە بانگەشەیەی گەنج دەستیان پێکردووە جگە لەوەی شێوەیەکی ناشرینە، زۆرێکیشیان مافی دەنگدانیان نییە.

ڕێژەن دلێر حەمەسەعید قەرەداغی فەرمانبەرێکی تەمەن بیستو نۆ ساڵەو ئاماژەی بەوەدا کە شێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی گەنجەکان هیچ سوودێک بەبەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ناگەیەنێو وتی "لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، زۆربەی ئەو گەنجانەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن مافی دەنگدانیان نییە".

---

# ئەو گەنجانەی بۆ یەکەمجارە دەنگ دەدەن

ئا: ئاوێنە



گەنجانی هەژدە ساڵ کەیف خۆشن بەدەنگدانیان — فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

سۆما بورهان کچە خوێندکارێکی باڵا مامناوەندەو ئەمساڵ تەمەنی گەیشتۆتە هەژدە ساڵو مافی دەنگدانی هەیە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەو کچە خۆشحاڵە بەوەی کە بۆ یەکەمجار دەتوانێت بەئازادانە دەنگدان بدات بەو لیستەی کە خۆی دەیەوێت.

ئەو کچە لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ دەربڕینی خۆشی خۆیان هاتبوونە سەر شەقامەکان، سۆما ئاڵای ئەو لیستەی گرتبوو بەدەستییەوە کە خۆشی دەوێتو جارجارەش هاواری بۆ دەکردنو دەیوت "زۆر دڵخۆشم کە ئەمساڵ دەتوانم بەشداری هەڵبژاردن بکەمو دەنگ بدەم بەو لیستەی خۆم دەمەوێت".

ئەو گەنجانەی ئەمساڵ تەمەنیان دەبێتە هەژدە ساڵو مافی دەنگدانیان دەبێت خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو پرۆسەیە دەردەبڕنو ئاماژە بەوە دەکەن کە دەتوانن بەئازادانە دەنگی خۆیان بدەن

> **نزیکەی ٩٠هەزار گەنجی ١٨ساڵ بۆ یەکەم جار دەنگدەدەن**

بەو لیستانەی مەبەستیانە، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان، سەردار عەبدولکەریم لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ڕایگەیاند کە بەپێی پێشبینییەکانیان پێدەچێت لەهەرێمی کوردستاندا نزیکەی نەوەد هەزار منداڵ کە ئەمساڵ تەمەنیان دەبێت هەژدە ساڵ بتوانن دەنگ بدەن.

شکار هیوا خوێندکارێکی قژ ڕەشی باڵا بەرزەو لەنێو ئاپۆڕای بانگەشەکەرانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لەخۆشی بەشداریکردنی لەهەڵبژاردندا بەردەوام خەریکی هاتو هاوار بوو بۆ لیستەکەیو بەخۆشحاڵییەوە دوای خواردنەوەی چەند قومێک ئاو وتی "هەرچەندە شارەزایم لەسیاسەتدا نییە، بەڵام لەهەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر حەزم دەکرد بەشداری بکەم بۆئەوەی بزانم هەڵبژاردن چۆنە بەداخەوە تەمەنم نەدەگونجا، لەخوا بەزیاد بێت ئێستا تەمەنم دەگونجێتو خۆشبەختانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان بەشداری دەکەم".

لەلایەکی دیکەوە ئەو گەنجانەی تەمەنیان ناگونجێت بۆ دەنگدان، وەکو چاولێکەرییەک حەزیان دەکرد وەکو ئەو گەنجانەی دیکەی بەشداری هەڵبژاردنیان بکردایە، ڕۆژان محەمەد کچە خوێندکارێکی تەمەن پانزە ساڵەو وەکو ئەو هاوڕێیانەی کە تەمەنی دەنگدانیان هەیە پێیخۆش بوو بەشداری هەڵبژاردنی بکردایە، بەبزەیەکەوە وتی "من هێشتا منداڵمو نازانم هەڵبژاردن چییە، بەڵام وەکو ئەو گەنجانەی تر حەزم دەکرد دەنگ بدەم، بەڵام تەمەنم منداڵو شمولم ناکات".

شیروان محێدین کاسبکارێکی چلو دوو ساڵەو هەندێک لەشەوان لەگەڵ خێزانو منداڵەکانیدا بۆ دەربڕینی خۆشییەکانیان دێنە دەرەوەو ئاماژەی بەوەداکە بەلایەوە ئاساییە منداڵەکانیشی بهێنێتە دەرەوە لەبەرئەوەی خۆیان حەز دەکەن "لەبەرئەوەی زۆربەی خزمو دراوسێکانمان شەوانە دەڕۆنە دەرەوە بۆیە زۆرجار منداڵەکانی منیش زۆرم لێدەکەن کە بیانبەمە دەرەوە منیش دڵیان ناشکێنم".

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو باوکەوە، ڕۆژنامەنووس یەحیا بەرزنجی کە خاوەنی سێ منداڵەو هیچیان شمولی دەنگدان ناکەن، زۆربەی کاتەکانو بەتایبەتیش شەوانە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیو وێنەگرتن دەڕواتە سەر شەقامەکان، ئاماژەی بەوەدا کە هەتاکو ئێستا منداڵەکانی نەبردۆتە دەرەوە بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن "هەست دەکەم پێیانخۆشە بیانبەم بۆ دەرەوە چونکە بێگومان لەقوتابخانە لەناو هاوڕێکانیاندا باسی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام من وەکو ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ بەهیچ شێوەیەک ئامادە نیم بیانبەم بۆ دەرەوەو لەناو ئۆتومبیلەکەمەوە ئاڵای هیچ لیستێک بەرز بکەنەوە، چونکە پێموایە کار دەکاتە سەر سەربەخۆیی پیشەکەم".